# عەقڵ لە خەیاڵەوە هاتووە

**بژار**

**جیهانی مرۆڤ جیهانی بەشە بوونییەکانە . بەشە بوونییەکان لای منەوە دابەش دەبن بە سەر سێ گرووپدا : بەشە بوونییە فیزیکییەکان و بەشە بوونییە دەرەکییەکان و بەشە بوونییە ناوەکییەکان . بەشە بوونییە فیزیکییەکان , هەموو ئەو ماتەریالانە " هەر لە تەنۆلکە هەرە بچوکەکانی ناو خانەوە هەتا کۆئەندامەکان " دەگرێتەوە کە لەشی مرۆڤیان لێپێکهاتووە . بەشە بوونییە دەرەکییەکان , بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە , هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی مرۆڤ بوونیان هەیە . بەشە بوونییە ناوەکییەکانیش هەموو ئەو توخمانە دەگرێتەوە کە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ , بە خەیاڵ و ڕووخسارەکانی و هەستەکان و ئارەزووەکانەوە , پێك دەهێنن .ووشەی بەشە بوونییەکان بۆ یەکەمجار وەکو زاراوەیەك بەکار دەهێنم و بەو هیوایەشم خوێنەری خۆشەویست لەوێوە بە تێگەشتنەکانم دەربارەی جیهانە شاراوەکەی ناوەوەی مرۆڤ ئاشنا ببێت**



**لەمەودوا زیاتر ووشەی بەشە بوونییە ناوەکییەکان لە جێگای ئارەزووەکان " خواستە دەروونییەکان " بەکار دەهێنم , چونکە پێم وایە باشتر مەبەستی من دەپێکێت . پێش ئەوەی ئەم زاراوەی بەشە بوونییانە و بە تایبەتی بەشە بوونییە ناوەکییەکان بێنمە ناوەوە , بەکار هێنانی ووشەی ئارەزووەکان یان خواستە دەروونییەکان لای منەوە , جگە لە عەقڵ و بیر و هۆش , هەمان مانای هەبوو . واتە ووشەی بەشە بوونییە ناوەکییەکان لە جێگای ئارەزووەکان " خواستە دەروونییەکان "ە , بەلاَم بە پانتایی و قووڵیی و بەرزیی و درێژییەکی زیاترەوە . جیهانێکی کەمێك گەورەترە لە ئارەزووەکان . هەموو ئەو توخمانەی کە لە ڕیزی ئارەزووەکاندا , نامۆ دەهاتنە بەرچاو , ئێستا لە بەشە بوونییە ناوەکییەکاندا ئەو نامۆییە وەلادەنێن . لەگەڵ ئەوەدا کە دەست لە ووشەی ئارەزووەکان یان خواستە دەروونییەکان لە باسەکانمدا بە تەواوی بەرنادەم و لە بەر ئاشنا بوونی زیاتری خوێنەر و جێکەوتنی باسەکان خۆشیان بەردەوام دەبم لە بەکارهینانیاندا , ئەو بۆشاییانەی کە لەم ڕاستایەدا تووشم دەبێت بە بەکار هێنانی زاراوەی بەشە بوونییە ناوەکییەکان , پڕیان دەکەمەوە .**

**بەشە بوونییە ناوەکییەکان کە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ پێك دەهێنن , بە هۆی سیستم ئامێزییانەوە ناتوانن تەنی دەرەکی و نامۆ بگرنە خۆ . عەقڵ وەکو بوونێکی دەرەکی , بوونێکی نامۆ بە خواستە دەروونییەکان " بەشە بوونییە ناوەکییەکان " دێتە بەرچاو . یان دەبێت عەقڵ بەرهەمی ئەمان , بەشە بوونییە ناوەکییەکان , بێت ,, یان دەبێت پەیوەندی بە جیهانێکی ترەوە هەبێت و لەگەڵ کۆمەڵێك تەن " تەن لێرەدا زیاتر وەکو سیمایەك کە بوونێکی ناماتەریالی هەبێت , بەکاری دەهێنم " ی شاردراوەی دیکەدا سیستم ئامێز بن .**

ئەوەندەی کە رۆشن بێت جیهانێکی جیاوازتر و سیستم ئامێزتر و سەربەخۆتر لە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ , لە ناو خودی مرۆڤدا نابینین . تەنیا جیهانێك کە لەم بارەیەوە مرۆڤ هەیەتی جیهانی بەشە بوونییە ناوەکییەکانە . کەواتە هۆش و بیر و عەقڵ لە بەرهەمی ئارەزووەکان " خواستە دەروونییەکان , بەشە بوونییە ناوەکییەکان " زیاتر شتێکی دیکە نین . تەنیا توخمێکیش کە لە ناو بەشە بوونییە ناوەکییەکاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەگەڵ مەسەلەی هۆش و بیر و عەقڵدا هەبێت , خەیاڵە .خەیاڵ جگە لەوەی کە یەکێکە لە بەشە بوونییە ناوەکییەکان و هەموو یەکێکیش لەوان سنوور نەناسە , لە گەشتە سنوور نەناسینەکانیشیدا هەر پێنج هەستەکەی بۆن و بینین و بیستن و تام کردن و بەرکەوتن " لەمس " لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت . خەیاڵ هەموو ئەو شوێنانە دەبینێت کە بە چاوی پەتی نابینرێن . هەموو ئەو ئارەزووانە بەدی دێنێت , کە بەدی نایەن . ئەو شتانە ئۆرگەنایز دەکات , کە ئۆرگەنایز ناکرێن . ئەو ئەتمۆسفێرانە ساز دەکات , کە ساز ناکرێن . ئەو پێشکەوتنانە بە دەست دەهێنێت کە بە دەست نایەن . بە کورتییەکەی هەموو ئەو سنووربەندییانەی کە پێویستن , خەیاڵ تێیان دەپەڕێنێت .

لە جیهانی بەشە بوونییە ناوەکییەکاندا ئەوەی کە چاوساغ و ڕێ پیشاندەریانە , خەیاڵە . سیستیماتیك بوون , خۆی لە خۆیدا ئۆرگەنایز بوونیشە . ئامرازی ئۆرگەنایز بوونی ئەم بەشە بوونییە ناوەکییانەش , خەیاڵە . خەیالیش بەو هۆیەوە کە یەکێکە لەم بەشە بوونییە ناوەکییانە و وەکو ئەوانیش سنوور نەناسە , ناتوانێت لە دووتوێی ئەم سنوور نەناسینەی خۆی و ئەوانەوە کاری ئۆرگەنایزییانە بکات " ئۆرگەنایز کردنی پەیوەندی نێوان ئارەزووەکان و ئۆرگەنایز کردنی هەر یەکێکیشیان لەگەڵ بە ئەنجام گەیشتنەکانیدا " . بۆیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا " حاڵەتی سنوور نەناسینی ئەوان و حاڵەتی سنوور نەناسینی خۆیشی " سنووربەندیی ناچارییە . بۆ ئەوەی خەیاڵ بتوانیت بچێتە حاڵەتی سنووربەندییەوە , دەبێت دۆخێکی کەتوارییانە " واقعییانە " بە خۆیەوە ببینێت . دەبێت خۆی لە چڕبوونەوەدا بەرجەستە بکاتەوە . ئەو چڕ بوونەوەیە کە خەیاڵی تیا بەرجەستە دەبێتەوە , ڕوخسارێکی دیکە دەدات بە خەیاڵ کە بە ڕادەیەکی بەرچاو چ وەك شێوە و چ وەك ناوەرۆك جیا دەبێتەوە لێی .

ئەم جیا بوونەوەیە لە خەیاڵ هەرگیز جیابوونەوەیەکی بنەبڕییانە نییە . جیابوونەوەیەکە لە نێوان پەیوەست بوون و پەیوەست نەبووندا . ئەم دۆخە نوێیەی خەیاڵ ئیتر خەیاڵ خۆی نییە , بەڵکو بەرهەمێکی خەیاڵە یان سیمایەکی دیکەیەتی . هەرچۆن بێت ئەم چڕبوونەوەیەی خەیاڵ , ئەم ژان گرتنەی خەیاڵ , هۆشی لێ لە دایك دەبێت . هۆش حاڵەتی داڕژاوی بیرە . بیرێکە خۆی کۆنەکردووەتەوە . جموجوڵی پێوە دیارە , بەڵام جموجوڵێکی گشتییانە . کە هۆش جموجوڵەکەی تایبەتی دەکاتەوە , کە بۆ تێگەیشتن لە شتێك شۆڕ دەبێتەوە بە ناویدا , کە ئاستەکانی گرژ بوونەوەی بەرز و بەرزتر دەکاتەوە ,, ئیتر ڕوخسارێکی تازە بە خۆوە دەگرێت , خاوەنی پێناسەیەکی تر دەبێت , ناوێکی جیاواز هەڵدەبژێرێت . ئەم قۆناغی بەرجەستە بوونەوەیەی هۆش کە قۆناغی دووەمی بەرجەستە بوونەوەی خەیاڵە , قۆناغی پەیدا بوونی بیر " فکر " ە . قۆناغی بەرجەستە بوونەوەی بیر " فکر " یش کە قۆناغی سێیەمی بەرجەستە بوونەوەی خەیاڵە

, قۆناغی پەیدا بوونی عەقڵە ( لە ووتاری پێشوومدا لە مەسەلەی عەقڵ دوواوم , بۆیە لێرەدا ناچمە ناو درێژە پێدانیەوە ) . ئەوەی گرنگە لێرەدا دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان عەقڵ و بیر و هۆش نییە , بەڵکو هاتنی ئەوانە لە خەیاڵەوە . بۆ ئەوەی باسەکە پەلوپۆی زۆری لێنەبێتەوە و ئاڵۆز نەبێت , عەقڵ بە تەنیا وەردەگرم و بە پەیوەست بە خەیاڵ و بەشە بوونییە ناوەکییەکانی دیکەوە دەچمە سۆراخییەوە .



عەقڵ بە هەموو جیاوازییەکیەوە لە خەیاڵ , چونکە لە بناغەدا کۆپی کراویەتی " واتە کۆپییەکی خەیاڵە " و دواتر لە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریدا سیمای تایبەتی خۆی وەرگرتووە , لە کۆمەڵێك خاسیەتی جەوهەریدا تەبان " کۆکن " لەگەڵ یەکتریدا . لە مەسەلەی زماندا بە ووشە و مانا و دەنگەوە , بە شێوەیەکی تەبا لەگەڵ یەکتریدا دێنەوە . ئۆرگەنایز کردن , تێگەیشتن , خزمەت کردن بە خواستە دەروونییەکان , خۆ تێکەڵاو کردنی بەردەوامانە لەگەڵ هەستەکاندا " بینین و بیستن و بۆن کردن و تام کردن و بەرکەوتن _ لەمس _ " , پلان دانان , خۆپارێزیی " خۆپارێزیی مرۆڤ " , وەڵام دانەوە بە کێشەکان , چوونە پەیوەندییە تاکایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە و . . . هتد , کۆمەڵێکن لەو بابەتانەی کە پێکەوە " واتە عەقڵ و خەیاڵ پێکەوە " لە ناویاندا کار دەکەن .

هەمیشە مامەڵە کردنی خەیاڵ لەگەڵ ڕووداوەکان و بابەتەکان و بارودۆخە جیاوازەکاندا , پێش عەقڵ کەوتووە . عەقڵ چونکە حاڵەتی بە کەتوار " واقعی " بوونەوەی خەیاڵە , هەر دەبێت دواتر بکەوێتە سۆراخ و مامەڵە کردنەوە لەگەڵ هەر شتێکدا کە لە ئارادا بێت .

پەیوەندییەکانی عەقڵ و خەیاڵ هەمەلایەنە و چرکەساتانە و دانەبڕاون لە یەکتری . سەربەخۆ بوونی عەقڵ لە خەیاڵ ڕێژەدارە , قەت ڕەهایی بە خۆیەوە نابینێت . لە حاڵەتی دەرکەوتنی عەقڵدا وەکو بوویەکی سەربەخۆ , حاڵەتی دووەمی کە پەیوەست بوونیەتی بە خەیاڵەوە , دەرناکەوێت . واتە عەقڵ لە ڕووکاردا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ , سەربەخۆیە ,, بەڵام لە جەوهەردا و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ , پەیوەندیدار و شوێنکەوتەیە " واتە شوێنکەوتەی خەیاڵە " .

عەقڵ هەرچەندە بە کەتوار " واقعی " بوونەوەی خەیاڵە , بەڵام خەیاڵ حۆی بوونێکی کەتوارییانەی هەیە . پەیوەندییەکانی خەیاڵ بە کەتوار " واقع " ەوە , بۆ چرکەساتێکیش ناپچڕێن و بزر نابن . سنوور نەناسینی خەیاڵ چەندە بەرفراوان بێت , هەمیشە جیهانی کەتوار " واقع " بازنەی گەشتەکانیەتی . ئەو شوێنانەی خەیاڵ بۆیان دەچێت , ئەو مەسەلە و کێشانەی خەیاڵ لە بارەیانەوە دەدوێت , ئەو شتانەی کە لە دووتوێی مامەڵە کردنیەوە لەگەڵیاندا دەیانهێنێت و دەیانبات , ئەو ئامرازانەی بە کاریان دەهێنێت ,, هەر هەموویان بوونی کەتوارییانەی خۆیانیان هەیە و زیاتر دەچنە خانەی بەشە بوونییە دەرەکییەکانەوە .


یەکێك لە خاسیەتە گرنگەکانی خەیاڵ تێپەڕاندنی خێرایی تیشکە لە ڕۆیشتنیدا . لێرەدا خەیاڵ تیۆرییەکەی ئەنیشتاین بەجێ دەهێڵێت . ئەو تیۆرییەی کە خێرایی تیشك بە پەڕترین خێرایی " خێراییترین خێرایی " دادەنێت لە گەردووندا . بە کەتوار بوونەوە " واقعی بوونەوە " ی خەیاڵ لەویادایە کە گەشتەکانی چەندە دوورودرێژ بن , خێرایی ڕۆیشتنەکانی چەندە زیاتر بن , ئامرازەکانی چەندە زۆرتر و جۆراوجۆرتر بن ,, هەرگیز ناتوانێت گەردوون بە مانا هەرە فراوانییەکەی بەجێبهێڵێت . ئەگەر خەیاڵ بوونێکی کەتوارییانەی نەبوایە و خاوەنی خاسیەتە کەتوارییەکان نەبوایە و هەڵسوکەوت و مامەڵە کردنەکانی " بە هەموو سنوور نەناسینێکیشیەوە " کەتوارییانە نەبوونایە ,, ئەوا عەقڵ لە دایك نەدەبوو .
پەیوەست بوونی گیانی بە گیانیی عەقڵ بە خەیاڵەوە لێرەوەیە . پەیوەندی عەقڵ و خەیاڵ زیاتر لە پەیوەندی " ئاڕ ئێن ئەی " و " دی ئێن ئەی " دەچێت لە ناو خانەدا . جیاوازییەکانی عەقڵ و خەیاڵ لەویادایە کە خەیاڵ سنوور نەناسە و عەقڵ سنوور ناسە . گەمارۆدانی عەقڵ بە دەوری شتێکدا بۆ تایبەتی کردنەوە و زیاتر و زیاتر کردنی ئەو تایبەتی کردنەوەوەیە , کەچی گەمارۆدانی خەیاڵ بە دەوری ئەو شتەدا بۆ گشتی کردنەوە و فراوان کردنی ڕووبەری گشتی کردنەوەکەوەیە . خەیاڵ لە جیهانی ناوەوەی خۆیدا مامەڵە لەگەڵ شتە دەرەکییەکاندا دەکات . عەقڵ لە جیهانی دەرەوەی خۆیدا مامەڵە لەگەڵ شتە دەرەکییەکاندا دەکات . خەیاڵ شتە دەرەکییەکان لەگەڵ خۆیدا دەساچێنێ " دەسازێنێ " . عەقڵ خۆی لەگەڵ شتە دەرەکییەکاندا دەساچێنێ . خەیاڵ توانای هەڵگرتن و گوێزانەوەی شتە دەرەکییەکانی هەیە . عەقڵ لەخەیاڵدا توانای هەڵگرتن و گوێزانەوەی خۆی هەیە بۆ لای شتە دەرەکییەکان ( ئەم هەڵگرتن و گوێزانەوەی عەقڵە , هەمیشە بە پەیوەست بە خەیاڵەوە دێتە دی . واتە خەیاڵ لە لایەنێکیدا , ئامرازی گوێزانەوەی عەقڵە بۆ هەر شوێنێك کە پێویست بێت ) . بۆ تێڕامان لە هەر بابەتێك , خەیاڵ پێشکەوتەیە و عەقڵ دواکەوتەیە " واتە هەمیشە دەست پێکردنی عەقڵ بە دوای دەست پێکردنی خەیاڵدا دێت " . هەمیشە و بە بەردەوامیی عەقڵ لە خەیاڵەوە لە دایك دەبێت , کەچی هیچ جۆرە خەیاڵێك ( چ خەیاڵی کورت ماوە و درێژماوە , چ وەك بوونی جێگیری خۆی و چ وەك بوونی ڕاگوزارییانەی , چ وەك تێهەڵچوونی لەگەڵ بابەتێکی زۆر سادە و چ وەك تێهەڵچوونی لەگەڵ بابەتێکی زۆر ئاڵۆزدا , چ خەیاڵکی پچڕ پچڕ و چ خەیاڵێکی تۆکمە ) ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بووە لە عەقڵەوە لە دایك نابێت .
لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیشدا لە نێوان عەقڵ و خەیاڵدا , لە خەیاڵدا عەقڵ و لە عەقڵیشدا خەیاڵ دەبینرێت . کە سەیری خەیاڵ دەکرێت , وا دێتە بەرچاو کە عەقڵ لە باوەشیدا دانیشتبێت ,, کە سەیری عەقڵیش دەکرێت , وا دێتە بەرچاو کە خەیاڵ لە باوەشیدا دانیشتبێت . عەقڵ هەمیشە بە کۆرپەلەیی لە خەیاڵدا بوونی هەیە . لەم هەبوونە کەتواری" واقعی " یانەی عەقڵەوەیە لە خەیاڵدا , کە عەقڵ وەکو بەرهەمێکی خەیاڵ و سیمایەکی دیکەی ئەو لە دایك دەبێت . چۆن هەموو منداڵێك هەڵگری کۆمەڵێك خاسیەتە لە باوك و دایکیەوە , هەموو عەقڵێکیش ئاوا هەڵگری کۆمەڵێك خاسیەتە لە هەمان خەیاڵەوە کە لێیەوە هاتووە . لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو بیرێکی تیژ وە یان عەقڵێکی تۆکمە "

زیرەکانە " لە خەیاڵێکی تۆکمەوە دێت . یانی جیاوازی مرۆڤەکان لە پلە بەرز و نزمەکانی عەقڵیاندا دەگەڕێتەوە بۆ بەرز و نزمی پلەی خەیاڵ کردنیان . تا خەیاڵی مرۆڤ تیژتر بێت دەتوانێت عاقڵتر بێت . لە ناو ئاژەڵیشدا بەرز و نزمی پلەی عەقڵ بە بەراوورد بە یەکتری هەر وایە , ئەمە جگە لەوەی کە کەم عەقڵییان دەگەڕێتەوە بۆ تەپۆ بوونیان لە خەیاڵ کردنیاندا . بەرز و نزمی پلەی عەقڵ پەیوەستە بە سنووربەندییەوە . لە بنەڕەتدا هاتنی عەقڵ بۆ سنووربەندی کردنی ئارەزووەکانە . سنووربەندییەکانی ئارەزووەکانیش لە پێناوی هاتنە دی " بە ئەنجام گەیشتنی " ئارەزووەکان خۆیاندایە . خەیاڵ وەکو یەکێك لە بەشە بوونییە ناوەکییەکان لە بنەڕەتدا بۆ ئۆرگەنایز کردنی ئارەزووەکان لەگەڵ یەکتریدا و ئۆرگەنایز کردنی هەر یەکێکیشیان بۆ بە ئەنجام گەیشتنیان هاتووە " لە دایك بووە " . ئەم پێداویستییەیە خەیاڵی هێناوەتە بوون . هەر هەمان پێداویستی ئۆرگەنایزکردنیشە " سنووربەندی کردنی ئارەزووەکان بۆ هاتنە دییان " عەقڵی لە خەیاڵەوە هێناوەتە بوون . یانی عەقڵ و خەیاڵ هەردووکیان هەمان دەور دەبینن " ئۆرگەنایز کردنی ئارەزووەکان لە پێناوی ژیان و هاتنە دییاندا " . لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە بۆ هەردووکیان بۆ هەمان ئامانج دێنە بوون ؟ واتە ئەگەر مەسەلەکە یەك ئامانجە " واتە هەمان ئامانجە " , ئەوا یەکێکیانی بەسە و پێویست بە هەردووکیان ناکات !. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم گرفتەکە لەویادایە کە خەیاڵ لە مەیدانی سنوور نەناسیندا ئەم کارەی بۆ ئەنجام نادرێ و عەقڵیش لە مەیدانی سنووربەندیدا هەر ئەوەندە کارەکەی بە ئەنجام گەیاند ئیتر ژیانی خۆیشی تەواو دەبێت . خەیاڵ هەرچەندە بە هۆی سنوور نەناسینی خۆی و ئارەزووەکانەوە ناتوانێت دەوری سنووربەندی ببینێت , بەڵام هەمیشە و بۆ هەتا هەتایە , چاوگەیەکی نەبڕاوەیە بۆ بەرهەم هێنانی عەقڵ . خەیاڵ ئەگەر سنوور نەناس نەبوایە , عەقڵ بە بەردەوامی بە بەر نەدەهات . تەنیاوتەنیا بە بوونی هەردووکیان " عەقڵ و خەیاڵ " دەتوانرێت ئۆرگەنایز کردنی ئارەزووەکان بۆ هاتنە دییان , بە بەردەوامی بە جێگای خۆیان بگەیەنرێن . عەقڵ بە هەموو جیاوازییەکیەوە کە هەیەتی لە بەرانبەر خەیاڵدا , لە دوایین لێکدانەوەدا هەر بەشێکە لە خەیاڵ . هەمیشە لە خەیاڵەوە پەتی ژیانی بۆ ڕایەڵ دەکرێت . پێکهاتە کەتوارییەکانی " واقیعییەکانی " خەیاڵن دەبنە پێکهاتەکانی عەقڵ . هەڵسەنگاندن , تێگەیشتن , جموجوڵ , قسە کردن , ساغ بوونەوە , بڕیاردان , بینین , بیستن , بۆن کردن , تام کردن , بەرکەوتن " لەمس " ( ئەم پێنج حاسەیەی مرۆڤ هەرچەندە لە جیهانی فیزیکی مرۆڤدا بەرهەمی کۆمەڵێك ئەندام و کۆئەندامی دیاری کراوون , بەڵام لە ناو خودی خەیاڵیشدا و لەوێشەوە بۆ عەقڵ , جێگای تایبەتی خۆیان هەیە و چەند ئامرازێکی کارا و بەکەڵکیشن بۆیان " واتە بۆ خەیاڵ و عەقڵ " ) و چەندەهای دیکەش لەو پێکهاتە و ئامرازانەی خەیاڵن کە هەمان جێگا و ڕۆڵیان " ئەگەر نەڵێم بە زیادەوە " لە عەقڵیشدا هەیە . عەقڵ هەر هەمان خودی خەیاڵ خۆیەتی بەڵام بە کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕەوە کە بە سەر خۆیدا هێناویەتی . ئامانجی لەو ئاڵوگۆڕانە خۆسازاندن و خۆئامادە کردن و دەست بەکار بوونە بۆ دروست کردنی سنووربەندییەکان بۆ ئارەزووەکان . واتە پێداویستییەکانی سنووربەندییەکان عەقڵی هێناوەتە بوون . ئەم سنووربەندییانە

هەموو رۆژێك دەیان جار و سەدان جار لە مەیدانە جیاوازەكانی كار و ژیانی هەر مرۆڤێكدا دووبارە دەبنەوە . خەیاڵ خۆی لە پێداویستی ئۆرگەنایز كردنی ئارەزووەكان و نەخشە دارشتن بۆ بە ئە نجام گەیشتنیان , هاتووەتە بوون . خەیاڵ وەكو یەكێك لە بەشە بوونییە ناوەكییەكان , نەیدەتوانی لە دوونوێی سنووربەندییەكاندا بێتە بوون , چونكە لە هەر یەكێك لە سنووربەندییەكاندا كۆتایی بە ژیانی دەهات , ئەمە جگە لەوەی كە سیستمی بەشە بوونییە ناوەكییەكانیش تێك دەچوو . نەك هەر خەیاڵ , بەڵكو هیچ یەكێك لە بەشە بوونییە ناوەكییەكان نەدەكرا سنووربەندییانە لە دایك ببێت . بەشە بوونییە ناوەكییەكان " ئەو توخمانەی كە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ پێك دەهێنن " هەر دەبوایە سنوور نەناسانە لە دایك بوونایە . نەدەكرا ریزبەندیی بەشە بوونییە ناوەكییەكان بە سەر سنووبەندییەكان و سنوور نەناسینەكاندا دابەش بن , چونكە سیستمەكە " سیستمی بەشە بوونییە ناوەكییەكان " لە ناو دەچوو . سیستم ئامێزی و سنوور نەناسینی بەشە بوونییە ناوەكییەكان پێداویستی ژیانی مرۆڤ هێناونیەتە بوون " دوو خاسیە تی بناغەیین بۆ بوون و بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ " , بەلاًم سنوور نەناسینی هەموو یەكێك لە بەشە بوونییەكان هەمیشە پێویستی بە سنووربەندییەكان هەیە . سنوور نەناسینی هەر یەكێك لە بەشە بوونییە ناوەكییەكان دابەش بووە بە سەر سنووربەندییە بیٚ كۆتاییەكاندا . واتە كۆتایی هاتن بۆ سنووربەندییەكانی هیچ ئارەزوویەك لە ئارادا نییە . وە دەركەوتنی سنوور نەناسینی هەموو ئارەزوویەك لە پشتی سنووربەندییەكانەوەیە . هەتا سنووربەندییەكان زیاتربن , رێگای سنوور نەناسینەكە بۆ مرۆڤ درێژتر دەبێتەوە " واتە مرۆڤ باشتر لە درێژ بوونەوەی بێكۆتایی سنوور نەناسینەكە تێدەگات " . خەیاڵیش كە ئامرازی دابیین كردنی سنووربەندییەكانە بۆ ئارەزووەكان , دەبێت ئامرازی دابیین كردنی سنووربەندییەكانی خۆیشی بێت . خەیاڵ بۆ خۆیشی لە سنووربەندییەكانیدا , سنوور نەناسینەكەی پەرە دەستێنێت . هێنانە بەرهەمی عەقڵ لە لایەن خەیاڵەوە بۆ ئەم سنووربەندییانەیە . هەر جۆرە گرفتێك بۆ پرۆسەی دابیین كردنی ئەم سنووربەندییانە لە ماوەیەكی كورتخایاندا یان درێژخایاندا بۆ هەر مرۆڤێك بێتە ئاراوە , یانی پەیوەندییەكان لە نێوان عەقڵ و خەیاڵدا لەبەریەك هەڵدەوەشێن یان جۆرێك لە ئاژاوە لە بەرانبەر یەكتریدا بە خۆوە دەگرن . شێتی مرۆڤ لە بناغەدا تێكچوونی ئەم پەیوەندییەی نێوان عەقڵ و خەیاڵە . گرفتی مرۆڤی شێت ئەوەیە كە سنووربەندییەكان بۆ هاتنە دی ئارەزووەكان ناناسێت ( ئەڵبەتە لە زۆریشیاندا , كز و لاوازی خەیاڵ لە بەرهەمهێنانی عەقڵدا , مەیدانی سنووربەندییەكانیان بە پێی جیاوازییەكانیان لە یەكتری بەرتەسك دەكاتەوە " هەوڵ دەدەم لە ووتارەكانی داهاتوومدا رۆشنایی زیاتر بخەمە سەر ئەم بابەتە و ووردتر بچمە ناو درێژە پێدانیەوە " ) . هەڵسوكەوت كردنی شێت , هەڵسوكەوت كردنە لە مەیدانی سنوور نەناسینی ئارەزووەكانیدا . وە تەنیا رێگای سروشتی بۆ چاك بوونەوەی شێت , فەراهەم كردنی زەمینەی بەدیهاتنی ئارەزووەكانیە تی ( ئەم پرۆسەیە و میكانیزمەكانی دەبێت بالاًترین شێواز و چارەسەرە مرۆییەكان بە خۆیانەوە بگرن ) . ئەم تێكچوونەی پەیوەندی نێوان عەقڵ و خەیاڵ " سنوو ربەندی و سنوور نەناسین " لە هەر مرۆڤێكی تێكچوودا بە بەراوورد بە ئارەزووەكانیەوە ژمارەیەك

پلەی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەگرێت . وە مرۆڤە تێکچووەکانیش بە بەراوورد بە یەکتری پلە جیاوازەکان بە خۆیانەوە دەگرن . تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عەقڵ و خەیاڵ هەر بە تەنیا مرۆڤە شێتەکان ناگرێتەوە , بەڵکو نیوە شێتەکان و دەروون نەخۆشەکان و هەرە تووڕەکان و لەخۆبایی بووەکان و ڕوو شکێنەرەکان و گێژەکانیش دەگرێتەوە ( ووشەی گێژ لێرەدا بە هیچ شێوەیەك بە مانای تەوهین بەکار ناهێنم و هیوادارم خوێنەری ئازیز لەو دەست کورتییەم ببورێت کە نەمتوانی ووشەیەکی باشتر بدۆزمەوە کە هەمان مانای گێژیی بدات بە دەستەوە و هیچ جۆرە تەوهینێکیشی لە خۆیدا حەشار نەدابێت ). تەنانەت لە هیچ مرۆڤێکی ساغیشدا ئەو پەیوەندییانەی نێوان عەقڵ و خەیاڵ ( لە ڕاستیدا هاریکاری عەقڵ و خەیاڵ بۆ یەکتری , جەوهەری پەیوەندییەکانیان بۆ کار کردن , پێك دەهێنێت ) , هەتا سەر بە کاملی و بە تەواوی ڕێڕەوی سروشتیی خۆیان ناگرنە بەر . ئەو سنووربەندییانەی کە عەقڵ بۆ هاتنەدی ئارەزووەکان نەخشەیان بۆ دادەڕێژێت , هەموو جارێك بە ئەنجامی دروستی خۆیان ناگەن . ئەو هاتنەدییانەی ئارەزووەکان و بەرنامە داڕشتنەکانی عەقڵ بۆیان , با سیستم ئامێزیش بن , بەڵام بە بەراوورد بە یەکترییەوە ڕێژەدارن . جیاوازییەکانی نێوان بڕەکانی هاتنەدی ئارەزووەکانی هەر مرۆڤێك و هەموو مرۆڤەکانیش لە بەرانبەر یەکتریدا , ڕێژەدارانە بەسەر ئەو ژمارانەی گونجاون بەو حاڵەتە , دابەش دەبن . ئەگەر قۆناغەکانی هاتنەدی تەنیا یەك ئارەزووش وەربگرین لە یەك مرۆڤدا , لەو قۆناغانەشدا هاتنەدییەکان وەکویەك نابن و بە پێی کەموزۆری ڕادەی هاتنەدییان , جیاوازییەکان پەیدا دەبن . واتە هاتنەدییەکانی یەك ئارەزوو لە یەك مرۆڤدا , بە پێی جیاوازی سنووربەندییەکان , جیاوازییەکان بە خۆیانەوە دەبینن. لێرەدایە کە هەموو مرۆڤێك تووشی ڕەخنەلێگرتن و کەموکوڕیی دەبێت . خەوشەکان و کارە نامۆ و دزێوەکان بەرهەمی ئەم حاڵەتانەن " چوونە دواوەی هاوسەنگییەکانی پەیوەندییەکان لە نێوانی عەقڵ و خەیاڵدا " . جگە لەوەی بەرهەمهێنانی بەردەوامیانەی عەقڵ لە لایەن خەیاڵەوە بە پێی سنووربەندییەکان دەگۆڕدرێت , لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تریش چۆنیەتی بەرهەمهێنانەکان و چەندیەتی بەرهەمهاتنەکان دەگۆڕدرێن . ئەڵبەتە ئەم گۆڕانکارییانەی کە بە سەر مرۆڤەکاندا دێت لە بوارەکانی عەقڵ و خەیاڵیاندا , لە سەر بنەماکانی خواستە دەروونییەکانیانەوە هەڵدەستن . ڕیزبەندییەکانی خواستە دەروونییەکان " ئارەزووەکان , ویستەکانی مرۆڤ " بە پێی کات و شوێنە جیاوازەکان دروست دەبن . واتە لە هەر کات و شوێنێکدا و خواستێکی دەروونی گونجاو بەو کات و شوێنە , ڕیزی پێشەوە وەردەگرێت . هەر ئەو خواستە دەروونییەی کە لەو کات و شوێنە دیاریکراوەدا ڕیزی پێشەوە وەردەگرێت و دەچێتە پرۆسەی بەدیهاتنەوە , لە قۆناغێکی دیکەی بەدیهاتنیدا کە سنووربەندییەکی تازە بە خۆیەوە دەگرێت , ڕووخسارێکی جیاواز هەڵدەگرێت . ئەم جیاوازییانە , وەك سنووربەندییەکانی هاتنەدی خواستێکی دەروونی مرۆڤێك , بێکۆتایین . ئەمە سەبارەت بە هەموو خواستێکی دەروونی و لە هەموو مرۆڤێکیشدا هەر وایە . ئەگەر سنووربەندییەکان و هاتنەدییەکانی یەك خواستی دەروونی یەك مرۆڤ , ئاوا لە یەکتری جیاواز بن , ئەوا لەگەڵ جیاوازی خواستە دەروونییەکان خۆشیاندا بە یەکتری " واتە خواستە دەروونییەکانی یەك مرۆڤ " ,

سنووربەندییەکان و بە ئەنجام گەیشتنەکانیشیان , جیاوازییان دەبێت لەگەڵ یەکتریدا . ئەڵبەتە خواستە دەروونییەکانی مرۆڤێکیش لەگەڵ خواستە دەروونییەکانی مرۆڤێکی تردا لە زۆر ڕووەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە . لە سەر بنەمای ئەم جیاوازییانەوەیە کە مرۆڤەکان خۆیشیان جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە " لێرەدا مەبەست لە جیاوازی چینایەتی و نەتە وەیی و ڕەگەزیی و ئاینیی و ئەو بابەتانە نییە , بەڵکو مەبەست لە جیاوازییە خودییەکانی مرۆڤەکانە " .



جیاوازی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕیزبەندییەکانی خواستە دەروونییەکانیان لە کات و شوێنە دیاری کراوەکاندا و لە لایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ پلە جۆراوجۆرەکانی خاوبوونەوە و گرژ بوونەوەی خەیاڵیان لە بەرهەم هێنانی عەقڵیاندا .ئەمە جگە لەوەی کە پەی بردن بە بڕی پێویست لە بەرهەم هێنانی عەقڵیاندا بۆ دابین کردنی سنووربەندییەکان , بە شێوەیەکی گشتی پەی بردنێکی تەواو یەکسانانە و بەرهەم هێنانێکی تەواو یەکسانانە " هەندێك حاڵەتی دەگمەنی لێ دەربچێت " بە سنووربەندییەکانیان , نەبوە و نابێت .

مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان عەقڵ و خەیاڵ , مەسەلەیەکی هەمەلایەنە و پەی دەر پەیە , ئاڵۆز و سیستەم ئامێزە . دامودەزگای ئاڵوگۆڕ کردنی پەیوەندییەکانی نێوان عەقڵ و خەیاڵ کە لە سەر بنەمای یەکەمجاری خاوەنداریەتی خەیاڵەوە بۆ عەقڵ دادەمەزرێت , دامودەزگایەکی هەست پێنەکراو و شاراوە و لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری کاروبارێکی زۆر و زەبەندە . هەر جۆرە کەموکووڕییەك بکەوێتە ئەو دامودەزگایەوە , بە پێی قەبارەی ئەو کەموکووڕییە , کەلێن دەکەوێتە کەسایەتی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤەکەوە . ئەمەش بۆیە وایە چونکە لە هەر کۆمەڵگا و سەردەمێکدا تێگەیشتنێکی دیاریکراو دەربارەی ئەو پەیوەندییانە کە لە ڕۆڵ بینینی عەقڵەوە بۆ سنووربەندییەکان بەرجەستە دەبێتەوە , لە لایەن خەڵکەوە گەڵاڵە دەبێت . بێگومان گەڵاڵە بوونی ئەم تێگەیشتنەش لە لایەن خەڵکەوە , لە بناغەدا گەڵاڵە بوونی ئایدیای تاکێکی تایبەتە " نوێنەرێکی گشت " و گشتی بووەتەوە . لە پشتی هەموو گشتی بوونەوەیەکی لەم جۆرەیش , دەسەڵاتێکی گەورە ڕاوەستاوە . گرفتەکە ئەم دەسەڵاتەیە . ئەم دەسەڵاتەش خۆی دەسەڵاتێکی تالاّن کراوە . ئەم تالاّن کردنەی دەسەڵات , تاکە تایبەتەکان " نوێنەرانی گشت " لە کۆمەڵگادا پێی هەڵدەستن . ئەم تاکە تایبەتانە کە نوێنەرانی گشتن , لە سیستمێکدا پەیوەندی دەگرن کە لە پرۆسەیەکی مێژوویی دوورودرێژدا گەڵاڵە بووە .

تاكە تايبەتەكان كە شەڕی دەسەلآت لەگەڵ يەكتريدا دەكەن لە بازنەی هەمان سيستمدا شەڕەكانيان يەكلايی دەكەنەوە . خەبات كردن بۆ ڕزگار بوون لە ليّدان لەو سيستمەوە دەست پيّدەكات . ليّدان لەو سيستمە ئەگەر هەمەلايەنە نەبيّت , هەميشە تواناى خۆ چاك كردنەوەی دەبيّت .

ماركس نەخشەی خەباتی چينايەتی لە دووتويّی سيستمی نويّنەرايەتيدا دادەڕيّژيّت . لە خەبات و شۆڕشی كريّكاريدا , سيستمی نويّنەرايەتی هەلّناپيّچريّت , بەلّكو ئالّوگۆڕی نويّنەرەكانی تيا دەكريّت . لە سيستمی نويّنەرايەتيدا خەبات بۆ ڕيفۆرم دەكريّت , نەك بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤ . لە دەرەوەی سيستمی نويّنەرايەتی كردنەوە , نەخشەی خەباتی كۆمەلآيەتی بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤايەتی دادەڕيّژريّت . نويّنەرايەتی كردن و مەسەلەی ئازادی لە پەيوەندييەكی پيّچەوانەدان . بەو برەی نويّنەرايەتی بەهيّز بيّت , بەو برە ئازادی لاوازە . وە بەو برەی نويّنەرايەتی لاواز بيّت , بەو برە ئازادی بەهيّزە . ئازادی بريتييە لەوەی كە مرۆڤ خۆی نويّنەری خۆی بيّت , نەك يەكيّكی تر نويّنەری بيّت . بە هەر ڕادەيەك لە هەر كۆمەلّگايەكدا مرۆڤەكان نويّنەری خۆيان بن , بەو ڕادەيە ئازادی بە دەست هاتووە . نويّنەرايەتی كردنی مرۆڤ بۆ خۆی ناكۆكە بە نويّنەرايەتی كردنی گشت " واتە نويّنەرايەتی تاكی هەموانی بۆ خۆی , ناكۆكە بە نويّنەرايەتی تاكی تايبەت بۆ خۆی و تاكی هەموانی " . بەو ئەندازەيەی نويّنەرايەتی كردنی مرۆڤ بۆ خۆی دەچيّتە پيّشەوە , بەو ئەندازەيە نويّنەرايەتی كردنی گشت دەچيّتە دواوە .

خەبات بۆ ڕزگار بوون , خەباتە بۆ وەلانانی نويّنەری گشت . خەباتە بۆ وەلانانی نويّنەرايەتی ئەگەر بۆ يەك كەسيش بيّت . خەباتە بۆ نويّنەرايەتی كردنی هەموو مرۆڤيّك بۆ خۆی . لە ژيّر هيچ جۆرە بڕوبيانووييەكدا نويّنەرايەتی هيچ كەسيّك بۆ هيچ كەسيّكی ديكە ڕەوا نييە . هەموو نويّنەرايەتی كردنيّك بە هەر ناويّكەوە بيّت , چەوساندنەوەيە . هيّلآنەی دەسەلآت , نويّنەرايەتی كردنە . بۆ ئەوەی هيّلآنە لە دەسەلآت تيّك بدريّت لە كۆمەلّگادا , دەبيّت نويّنەرايەتی كردن تيا ببريّت . ڕاوەستانی هەموو جۆرە كوشتن و بڕينيّك , تالآن و بڕۆيەك , تاوان و تەوهينيّك ,, ڕاوەستانی نويّنەرايەتی كردنە . تەنيا يەك نويّنەرايەتی كردن هەيە كە مرۆييانە بيّت , ئەويش نويّنەرايەتی كردنی هەموو مرۆڤيّكە بۆ خۆی و بەس . بەدەر لەو نويّنەرايەتييە , هەرچی نويّنەرايەتی ديكە هەيە , كۆنەپەرستانە و نا مرۆييانەيە . كۆنەپەرستی كۆمۆنيستەكان وەكو هەر هەموو هيّزەكانی ديكەی دنيا , لەم نويّنەرايەتی كردنەدايە . واتە كۆنەپەرستی كۆمۆنيستەكان لەويادايە كە دەبن بە نويّنەری گشت . ئەم نويّنەرايەتييە , خۆ داسەپاندنە بە سەر كۆمەلآنی خەلّكدا . نويّنەرايەتی كردن با بە دەنگدانيش بيّت , هەر چەوسيّنەرانە و نا مرۆييانەيە . دەنگدان با بە شيّوەيەكی زۆر ديمۆكراسيانەش بيّت , هەر فريودان و تالآن كردن و دەسەلآت داسەپاندنە .

لە ڕاستيدا كەلەبەريّك كە لە ديمۆكراسيدا هەيە و بە بەردەوامی مۆنۆپۆل " ئيحتيكار " دەكريّت " ئەمە جگە لەوەی كە ديمۆكراسی ڕيفۆرمە لە سيستمی نويّنەرايەتيدا " لە لايەن هەموو چەوسيّنەرە ڕاست و چەپەكانی دنياوە , ئەم مەسەلەی دەگدانەيە . دەنگدان كە بە خاسيەتيّكی ڕووناكی بەخشی ديمۆكراسی دادەنريّت , خاسيەتيّكی تاريكی بەخشە . دەنگدان شەرعيەتدانە بە دەسەلآت . واتە ياسايی كردنەوەی

دەسەڵاتە . دەنگدان کەلەپچە کردنی دەنگدەران خۆیانە . داماڵینی دەسەڵاتی تاکایەتییانە . بە فەرمی ناسینی چەوساندنەوەیانە . پیشاندانی لاوازییانە . دانپیانانی کامڵ نەبوونی هۆشیارییانە . دەنگدان ملۆزم دروست کردنە بۆ خۆیان " واتە بۆ دەنگدەران " . خۆ بە دەستەوەدانیانە. دروست کردنی هێزێکە لە بان سەری خۆیانەوە .

سیستمی شوورایی بە کۆبوونەوە گشتییەکان و هێنانە خوارەوەی هەرکەسێك لە هەر کاتێکدا کە زیاتر لە نیوە بڕیاریان دا , چاکسازییەکە لەو بوارەی دیمۆکراسی و جۆرە پڕ کردنەوەیەکی ڕیفۆرمیستانەی ئەو کەلەبەرەیە. سیستمی شوورایی بە هەموو ڕادیکال بوونێکیەوە , ناتوانێت سنووری نوێنەرایەتی ببڕێت . سیستمی شوورایی هەر هەمان دەسەڵاتداریەتی کەمینەیە بە سەر زۆرینەدا , بەلآم لە فۆرمێکدا کە ئازادییەکی زیاتری تیا بەدی دێت . سیستمی شوورایی بە بەراوورد بە سیستمەکانی دیکەی هەڵبژاردن , پێشکەوتووترە ,, بەلآم سەبارەت بە شیاو بوونی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی , هێشتا زۆر لەوەی کە پێویستە لە دواترە . هێنانی گۆڕانکاری لە دووتوێی سیستمی شوورایيدا لە گرەوی ڕۆیشتنیایەتی بەرەو هەڵوەشاندنەوە . واتە وازهێنان لە سیستمی شوورایی " مەبەست سیستمی شوورایی کۆمۆنەی پاریسە " , گەڕانەوەیە بەرەودواوە ,, بەلآم دانیشتنیش بە دیار ئەو سیستمەوە , پشت کردنە لە پرۆسەی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی . سیستمی شوورایی , مرۆڤایەتی ڕزگار ناکات ,, بەلآم مرۆڤایەتی لە ڕێڕەوی ڕزگار بوونیدا دەباتە ئاستێکی بەرزترەوە . دوایین قۆناغی گەشەسەندنی سیستمی شوورایی , گەیشتنیەتی بە سەرەتای هەڵوەشاندنەوە . سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی شوورایی , سەرەتای جموجوڵی مرۆڤایەتییە بۆ وازهێنان و گوێزانەوەی وورده ووردەی , لە مەیدانی عەقڵ سالارییەوە بۆ مەیدانی خواستە دەروونییەکان . ئەم پرۆسەی گوێزاندنەوەیە کە بە هەڵوەشانەی سیستمی شوورایی دەست پێدەکات , کۆتایی هێنانیەتی بە سیستمی نوێنەرایەتی لە سەر هەموو ئاستە جیاوازەکانیەوە لە سەرتاپای کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا .

سیستمی شوورایی لە سەرەتای دروست بوونیەوە دەبێت هەڵوەشاندنەوە- جەوهەر- ی بێت , نەك دەسەڵاتداریەتی و دەسەڵات ڕاهێشتن . پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە " واتە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی شوورایی " بریتییە لە فراوان کردنەوەی هەرچی زیاتری سیستیماتیکانەی ئازادییەکانی مرۆڤ .واتە کاری شوورایی دەبێت بە دەوری ئازادییەکانی مرۆڤدا تەوەرە ببەستێت , نەك بە دەوری دەسەڵاتداریەتی شووراکاندا بۆ ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵگا . ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵگا بە دەسەڵات , لێدانە لە ئازادی مرۆڤ . دەبێت لە سەر بناغەی بردنە پێشەوەی ئازادییەکانی مرۆڤەوە , کۆمەڵگا ئۆرگەنایز بکرێت ,, نەك لە پێناوی ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵگادا , چوونە پێشەوەی ئازادییەکانی مرۆڤ لە قاڵب بدرێت . مەسەلەی تەوەرە پێبەستنی ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵگا بە دەوری ئازادییەکانی مرۆڤدا , مەسەلەی بەشدار بوونی سەرتاپای مرۆڤەکانە لەو ئۆرگەنایز کردنەدا . تەوەرە پێبەستنی ئازادی مرۆڤ بە دەوری ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵگادا , داسەپاندنی دەسەڵات و داسەپاندنی نوێنەرانی گشت و داسەپاندنی عەقڵ سالارییە .ئەڵبەتە بە وەرگرتنی پێچەوانەکەی " واتە تەوەرە بەستنی ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵگا بە دەوری ئازادییەکانی مرۆڤدا

" , ڕۆیشتن بە ئاقاری هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات و لەبەریەك ترازانی سیستمی نوێنەرایەتی و گەیشتن بە مەیدانی خواستە دەروونییەکان , دەست پێدەکات .

بە ڕای من وانەیەك کە مارکس دەیتوانی لە سیستمی شوورایی کۆمۆنەی پاریسەوە وەری بگرێت , واوەتر بردنی ئەو سیستمە شوورابییە بوو . واتە دیاری کردنی هێڵ گشتییەکانی چوونە پێشەوەی ئەو سیستمە بوو . هاتنی سیستمی شوورایی لە زۆر ڕووەوە دەستکەوتێکی مێژوویی گەورە بوو , بە تایبەتی بۆ دۆزینەوەی خاڵی وەرچەرخانە مەزنەکە " واتە وەرچەرخانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە دنیای عەقڵ سالارییەوە بۆ دنیای خواستە دەروونییەکان " . پەیوەست بوون بە سیستمی شوورابییەوە , بێ پەیوەست بوون بە پەرەپێدانی بەردەوامییانەیەوە , پەیوەست بوونە بە داسەپاندنی دەسەڵاتەوە . مارکس پەی بەو خاڵە نەبرد لە سیستمی شوورابییدا کە دەبێت لە ڕێڕەوی پەرەسەندنیدا بە هەڵوەشاندنەوەی خۆی بگات . وە فاکتەری هەڵوەشاندنەوەش " واتە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی شوورایی " بریتییە لە تەوەرە پێبەستنی ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵگا بە دەوری ئازادییەکانی مرۆڤدا " ئازادییەکانی هەر هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی " . ئەو پەی نەبردنەی مارکس بەو یاسا ناوەکییانەی بزووتنەوە لە سیستمی شوورایی کۆمۆنەی پاریسدا , لە پەینەبردنیەوە بووە بە عەقڵ سالاریی سەرتاپای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی . ئەو گرفتە فەلسەفییەی کە مارکس تێی کەوتووە , ئەو ناکۆکییەی کە لە خودی فەلسەفەی مارکس دا هەیە , ئەو گێر خواردنەی لە ڕۆشن کردنەوەی گوێزانەوەی سۆشیالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم , ئەو دەست گرتنەی بە سیستمی نوێنەرایەتییەوە , ئەو گەڕانەی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی مرۆڤایەتی لە مەیدانی کێبەرکێی هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا , ئەو دیکتاتۆریەتەی پڕۆلیتاریا , ئەو تەوەرە پێبەستنەی تاك لە خەباتی چینایەتیدا بە دەوری گشتدا , ئەو متمانە کردنەی بە کۆمۆنیستەکان و ...هتد ,, هەر هەمووی لە پێنەزانینیەوە بووە بە پرۆسەی مێژوویی هاتنی عەقڵ و دامەزراندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەر بناغەی کۆنترۆڵ کردنی خواستە دەروونییەکان و جێگیر بوونی عەقڵ سالاریی لە سیستمی نوێنەرایەتیدا .

لێرەوە بووە کە مارکس نەیتوانیوە ڕەخنەیەکی توندوتیژ لە سیستمی شوورایی بگرێت و جەوهەری چەوساندنەوەی ئەو سیستمە بۆ کۆمەڵانی خەڵك ئاشکرا بکات . مارکس ئەو دوو ڕێگایەی نەبینیوە کە لە بەردەمی سیستمی شوورابییدا بووە , کە یەکێکیان دیاری کردنی ئازادییەکانی مرۆڤ بووە بە پێی چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا و بەڕێوە بردنی کاروبارەکانی , ئەوی دیکەشیان بریتی بووە لە ڕێکخستنەوەی بەردەوامییانەی کۆمەڵگا بە پێی پەلوپۆ هاویشتنی بەردەوامییانەی ئازادییەکانی مرۆڤ . لە یەکەمیاندا سیستمی نوێنەرایەتی و دەسەڵات دادەسەپێت و لە دووەمیشیاندا لەو سیستمی نوێنەرایەتی و دەسەڵاتە دەدرێت . مارکس سیستمی شوورایی وەکو ڕیفۆرم لە سیستمی نوێنەرایەتیدا وەرناگرێت , بۆیە بە سیستمێکی چەوسێنەرانەی ناناسێت . بۆیە جەوهەری چەوساندنەوەی ئەو سیستمە ناداتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە . بۆیە قایل دەبێت بەو ئازادییانەی کە لە ژێر سایەی ئەو سیستمەدا بە مرۆڤەکان دەبەخشرێت . بۆیە لەم ڕوانگەیەوە وێنای دامەزراندنی کۆمۆنیزم دەکات . بۆیە بە دامەزراندنی جۆرێکی دیکەی دەسەڵات "

**دەسەڵاتی پرۆلیتاریا " و قەبە کردنی ئەو دەسەڵاتە , وێنای تیابردنی دەسەڵات دەکات . بۆیە سیستمی شوورایی وەکو شێوەیەکی دیکەی سیستمی نوێنەرایەتی بۆ کۆمەڵانی خەڵك بە فەرمی دەناسێت . مارکس بێئاگا بووە لەوەی کە دەسەڵات بە مانا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی لەگەڵ عەقڵ سالاریدا هاتووە و جێگیر بووە و لەگەڵ تیاچوونی ئەویشدا نامێنێت .**

**جگە لە پەینەبردنی مارکس بە مەیدانی عەقڵ سالاریی , بێگومان پەی بەوەش نەبردووە کە عەقڵ بەرهەمی خەیاڵە . ئەم پەی نەبردنەشی بە هاتنی عەقڵەوە لە خەیاڵ کۆمەڵێك گرفتی فەلسەفی دیکەی بۆ مارکس دروست کردووە , کە هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا بە پێی دەرفەت و توانا هەندێك ڕۆشناییان بخەمە سەر .**

2006-11-12